Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.17 11:33:02 +01'00'



دوکتۆر رۆئیا تلووعی

# بێدەنگی
# بەرئەنجامی رازی بوون نییە

**(ئەم باسە لە سەر هەل و مەرجی نێو وڵاتە و بە بیانووی دانانی لیسانسی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کوردستان، نووسراوە.)**

بیست ساڵێکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ژیانێکی بێدەنگ و هێور بەڕێوە دەچێ. جموجۆڵێکی کولتووری هێمن و قایمکار چند ساڵێکە سەرمانی گەرم کردووە و زۆر بە زیرەکی و پەیڕەو پرۆگرامیش دەڕواتە پێش و ئێجگار ئاگای لە خۆیەتی کە مارکی رامیاری نەخوات و هیچ رەنگ و بۆنێکی سیاسیش نەدا.

چوار ساڵ لەمەو پێش بوو کە سنە شەپۆلێکی دا. بەڵام شەپۆلی سوور زوو نیشتەوە. جێگای پرسیارە بۆ شەپۆلەکان سوور دەکرێن؟ مەگەر هیچ رێگایەك بۆ دەربڕینی داخوازی بە شێوەیەکی مەدەنی نابێ ببێ؟ ئەو گومانە زۆر جار لامان بە هێز دەبێ کە ئامانج لە رێگرتن لە هەر جموجۆڵێکی مەدەنی و سوور کردنی شەپۆلەکان، بێدەنگ راگرتنمانە. ئەم بێدەنگیە لەوانەیە دنیا بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە ئێمە هیچ کێشەمان نییە و بێدەنگیمان لە رەزا بوونمانە. بەڵام داخۆ کەس هەر پێمان نەزانێ کە سووری گۆنامان لە تێری نییە و گۆنای ئێمە بە شەپەلاغە سوور بووەتەوە؟ زۆر بە داخەوە کە ئەو شەپەلاغە وەها کارێگەرێتی بووە کە نەك هەر بێدەنگی کردووین، بەڵکو تووش خۆفێکیشی کردووین کە خۆمان، خۆمان سانسۆر دەکەین. پێم وایە ئەو شەپەلاغە لە رۆحی ئێمە کاری کردووە.

نووسەرێك بە ناوی «عەبدوڵڵا حێجاب» لە وتارێك كە لە سەر ئینتەرنێت بڵاوی كردبوو باسێكی سەرنج ڕاكێشی بوو و دەیوت: پێتان وانەبێ كە دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئەم پارچەی كوردستاندا، هیچ ستراتژیەكی دارێژاوی سەبارەت بە كێشەی كورد نییە، بەڵكو بە پێچەوانەوە ستراتژیەكی زۆر زیرەكانەی دابین كردووە، بەم چەشنەی كە **یەكەم: هەوڵ ئەدا بۆ ئەوەی كە بزووتنەوە و تێكۆشانی ئەم پارچە لە خشتەی رامیاری ببرێتە دەرەوە، دووەم: هەوڵ ئەدا بۆ پتەو كردنی جێ پێی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئەم پارچە، لە پارچەكانی تریش كە مەخابن دەسكەوتیشی بۆی بووە.**

ئەگەر بڕوانین بە روونی دەبینین كە بزافێكی ڕۆشنبیری، بزووتنەوەیەكی كولتووری و نقیساری پێك هێناوە بەڵام ئەم بزووتنەوەیە زۆر لە سەر ئەوە دەچێ كە پرسەكانمان تەنیا پرسی فەرهەنگیە و كێشەی ئێمە تەنیا لە شیعر و ئەدەبدا رەنگی داوەتەوە. زۆربەی وتارە كوردیەكانیشمان لە سەر رەخنەی ئەدەبی و تێوریەكانی وەرگێڕان و... هتد دەنووسرێ. پرسیار ئەوەیە كە بە راستێ ئێمە هەموو كێشەكانمان وڵام دراوەتەوە و هیچ كێشەی ترمان نییە؟

لێرەدا مەبەدست ئەوە نییە كە پێویستمان بە شیعر و ئەدەب نەبێ، بەڵام شیعر و ئەدەب بەشێك لە كێشەكانمانە، نەك هەمووی.

ئێمە بە دڵنیاییەوە دەزانین هەموو پرسەكانی كورد لە هەر بوارێكدا بێ، دەگەرێتەوە سەر كێشەی رامیاری. ئەم راستیە نكوولی لێ ناكرێ كە پارچەیەك لە میللەتێكی چوار پارچە كراو لە سنورێكی داسەپێنراو داندراوە و هەر لە شوناس و مێژوو و زمان و كولتووریەوە تاكو زۆربەی مافە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی كێشەی هەیە و مافەكانی پێشێل كراوە. بە داخەوە كەسانێكی رووناكبیرمان هەیە كە لە بەرامبەر رامیاریدا زاڵەترەك بوون و تاكو ناوی كێشەی رامیاری كورد دێت، هاوار دەكەن ئێمە كارمان بەم بەشە نییە. زۆر سەیریشە كە لە هەر كۆلانێكی كێشەكانی كوردەوە دێیت هەر دەگەڕێتەوە شەقامی رامیاری و ستەمێكی مێژوویی كە هەشتا ساڵە لەم نەتەوە كراوە. ئایا بزاقی رۆشنبیری ئێمە ئامادە نییە هیچ بەهایەك بۆ بزووتنەوەیەكی مەدەنی و بێ توند و تیژی و شارستانیانە بدات؟ ئەوە، چۆن بیرێكە كە بێ هیچ بەهایەك بیەوێ لە سەر كۆمەڵگاش ئەسەر بكات؟

بۆ لێکۆڵینەوە لەم باسە ئەبێ تێڕوانینێکمان بێ لە سەر مێژووی هاوچەرخیشمان، بزانین ئێمە کێین و چیمان بە سەر هاتووە؟ لە کوێی دنیادا دەگونجێین کە ئەم هەموو کێشە و پرسە لە دەور و بەرمان هەیە و بە تایبەت بەشێکی نەتەوەکەمان دەستە و یەخەی یەکێك لە گرنگترین ئەزموونەکانە، بەڵام ئێمە لە ژووری بێدەنگی خۆمان خزاوین و بە دزیەوە جارجار لە گۆشەی پەردەی پەنجێرەکەوە سەیرێکی حەوشی پارچەی دراوسێ دەکەین و هێمن و بێدەنگ لە سەر جێی خۆمان دادەنیشینەوە، دەستمان دەگرین بە کڵاوەکەمان با نەیبات و زمانە سوورەکەشمان دەپارێزین کە سەری سەوزمان بە با نەدات. ناوی ئەمەش دەنێین ڕاگرتنی ژیان. دیارە بار و دۆخی ئێمە بە هۆی بڕێك پرسەوە چەشنە جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ پارچەکانی تر. بۆ نموونە: لە وڵاتی ئێران تاکو ئێستاش سیستەمی حیزبی و کولتووری حیزبایەتی نەیتوانیوە جێگایەکی ئەوتۆی بێت و هەر سیستەمێکیش دێت حیزبی خۆی بۆ ماوەیەك دادەنێ، نەك ئەوەی حیزبەکان لە هەڵبژاردنێکدا سەرکەون و سیستەمی خۆیان دامەزرێنن (بۆ نموونە حیزبی ڕەستاخیزی دەورەی شا)

ئەوەی حیزبی خەڵکیش، کە پێك هاتووە بە بیانوویێك غەیری قانوونی ناسراوە و پرژ و بڵاو کراوتەوە و یان لە نێو وڵات دوور خراوتەوە. دیارە کاتێك حیزبێك لە شوێنی خۆی و لە نێو خەڵکی خۆیدا نەبێ ئاستی ئەو کاراییەی کە دەیتوانی ڕاستەوخۆ لە نێو خەڵکدا بیبێت زۆر نزم دەبێتەوە.

هەر وەها لە ئێران سیستەمی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی حاکمە و بە هۆی ڕەسمی بوونی مەزهەبی شیعەی ئەسناعەشەری لە دەستوور و یاسای بنەڕەتیدا (بڕیاری ١٢ی قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران)، بەشێك لە نەتەوەی کورد سەرەڕای ئەوەی کەمینەی نەتەوەییە، دەشبێتە کەمینەی مەزهەبی (ئەهلی سوننەت). هەڵبەت نووسەر لەگەڵ ئەو بیر و ڕای نوێنەری سنە لە پەرلەماندا نییە کە پێی وایە کێشەی ئێمە، کورد بوون نییە بەڵکو تەنیا کێشەی سوننی بوونە. کورد لە ڕژێمی پەهلەویشدا کە سیستەم مەزهەبی نەبوو هەر کێشەی بوو. لە عێراق و سووریاش کێشەی کورد هەر بە هۆی کورد بوونە، هەر چەند کە دەسەڵاتەکانی ئەو وڵاتانەش هاو مەزهەبی کوردەکانی ئەوێن (هەڵبەت عێراقی ئێستا جارێ بار و دۆخی ڕوون نییە). لە تورکیاش کە سیستەمی

لاییکە، کورد هەر بە هۆی کورد بوونیەوە کێشەی هەیە. بەڵام حاشا لەوەش ناکرێ کە کەمینەی مەزهەبی بوونیش یارمەتیدەری زیاتر بوونی کێشە و ئازارەکانمانە لە ئێران. بێگومان لە تورکیا کوردەکان ئەم دوو پرسە کە باسمان کردنیانە. لە تورکیا هەر حیزب زۆرە و حیزبە کوردیەکانیش چالاکن، PKK هەر خەریکی ئاڵوگۆڕە کە بتوانێ لە نێو وڵات کار بکات و سەرەڕای ئەوەش DHP و ئەوانی تریش خەریکی ئیشن و لە هەڵبژاردنەکانی زیاتر لە سی شار توانیویانە شارەداری کورد دانێن و بەو هەموو کێشەیەش کە هەیانە هەر کورد چالاك و زیندوو راگرن، ئەویش لە وڵاتێك کە تەنانەت کوردی قسە کردنیش سزای بوو.

لە سەرەتای ساڵی ۱۳۸۲ی هەتاوی گۆڤاری فارسی زمانی «چشم‌انداز ایران» ژمارەیەکی تایبەتی بە کوردستانی ئێران بڵاو کردەوە. ئەم گۆڤارە زۆر شتی تێدا نووسراوە کە پێویستە هەر کەس بتوانێ لێی وەکۆڵێ بۆ زانینی راست و درۆ بوونی. لەم گۆڤارەدا ئاماژە بە برێك شت کراوە کە دەتوانێ یارمەتیدەری تێگەیشتن لە بار و دۆخی ساردەوە بوو (انفعالی) و بێ دنە و لێکەوتەی ئیمڕۆی ئەم پارچە بێت.

لە لاپەڕەی ٦٠ لە ستوونی لای راستدا کە وتاری ئەندازیار «عێزەتوڵڵا سەحابی» زەق کراوتەوە، هاتووە هەستێك و عەقڵیەتێکی نەتەوەیی - قەومی، یان لە روانگەیەکەوە «کوردییەتێك» لە نێو خەڵکی کوردا هەیە کە ئەم پرسە لە دەروونی ئەواندایە، ئەمە لایەنی دەروونی کوردستانە چونکە راستەقینەیە، ناتوانین بە زۆر بیسڕینەوە. مێژووی کوردستان لەم سەد ساڵەدا نیشانی داوە کە هەر کاتێك دەوڵەتی ناوەندی کەم هێز یان برێك دیموکرات دەبێ، ئەو هەستە نەتەوەییەی کورد بە شێوەی تەقینەوەیەك خۆی نیشان ئەدا.

دیارە ئاغای سەحابی ئەوەندە ئینسافی بووە کە نکوولی لە حەقیقەتی بوونی کێشەی کورد نەکات. ئەو باسەی کە بۆ نووسەری ئەم وتارە زۆر جێگای سەرنج بوو، وتووێژی ئەندازیار «فارووقی کەیخەسروەی» ئەندامی پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە کە بە شوێن پرسی کۆنگرەی چوار لە حیزب وەرگەڕاوتەوە. (چشم‌انداز ایران ل۹٦)

لە لاپەڕەی ١٠٥ی گۆڤاری «چشم‌انداز ایران» باسێکی زۆر سەرنج راکێشی تێدایە. دەقی باسەکە ئەمەیە کە کاك «فارووقی کەیخەسرەوی» دەڵێ:

بازجووەکـان لـە زینـدانی ورمـێ لێیـان پرسـیم: چـی بکـەین کوردەکـان بـە لای کۆمەڵـە و دیـموکراتدا نەچن و نەڕۆن بۆ کێـو؟ چـی بکـەین بـۆ ئـەوەی کوردەکـان هـێمن و ئـارام کەینـەوە؟ وتم: زۆر ئاسـاییە، ئـەو شـتانەی کـە کۆمەڵـە و دیـــموکرات بـە دروشـم دەیڵـێن ئێـوە بیکـەن. وتیان: یانی چی؟ یانی خودموختاری بدەین؟

وتـــم: مەگــەر خودموختــاری شــاخی هەیــە؟ **یــەکێك** لــە خاڵــەکانی خودموختــاری ئەوەیــە کە **زمـان و کولتـووری کـوردی** پـەرەی پـێ بـدرێت، دەی باشـە ئـەوە چ کێشـەیەکی هەیـە؟ وتیان: تـۆ خـۆت ئامـادەی لـەم بـوارەدا یارمـەتی بـدەی؟ وتـــم: نـا. وتیـان بـۆ؟ وتـــم: **مـن نـە شاعیرم، نە ئـەدیبم، نـە وەرگێـڕ**. مـن کەسـێکی ئەنـدازیارم، ئیشـی فـەنی دەکـەم و تووشـی لایەنگری سیاسی بـووم. بـەڵام **خـەڵکی ئـەهلی قەڵـەم زۆرن، ئـەوان کـۆ وەکـەن**، ئێمـەش خزمـەتیان دەکـەین، ماوەیـەکی پـێ چـوو. رای منیـان سـەبارەت بـە مامۆسـتا هـێمن ویسـت. ئاغـای «رەزا خـەیری» هەلومـەرجێکی پێـك هێنـابوو کـە مامۆسـتا هـێمن لـە میوانـــخانەی ورمێ بە حورمەتـەوە بـازجوویی لـێ بکرێـت. بـە منیـان وت ئامـادەی لەگـەڵ مامۆسـتا هـێمن **هـەڵس و کـەوتی کولتـووری** دەسـت پـێ بکـەی؟ وتــم: لـە خـوام دەوێ؟ **مامۆسـتا هـێمن خۆی کۆڵەکەیەکـە و بـوونی بـۆ ئـەوەی کـە هـەموو نووسـەران و ئـەهلی قەڵـەم لێـی کۆ ببنەوە بەسـە**، مـن ئامـادەم ببمـە چاپیپەزی ئـەو شـوێنەی کـە ئـەو ئیشـی کولتـووری لـێ دەکا. منیان لـە زیندانـەوە بـردە میوانـــخانەی ورمـێ (سـاڵی ١٣٦٣). ئێمـە دانیشـتین لەگـەڵ مامۆستا هێمن وتووێژمان کرد کە ئایا ئامادەیە ئەم کارە بکات؟ وتی: بۆ نا؟

١٥ی جۆزەردانی ١٣٦٣ی هەتاوی لە زیندانی سوپا ئازاد کرام...

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بکـرێ کـە کـاك «فـارووقی کەیـــخەسرەوی» لـە لاپـەڕەی ٩٨ی ئـەم گۆڤـارەدا وتوویـەتی کـە کـۆنگرە چـواریەکان دەیانویسـت لـە خـەتی ئیـنقلاب و رێبەرایـەتی ئینقلابـی ئێرانـدا بـن و هێشـتا کـە حیـزب دژ بـە رێبەرایـەتی ئیـنقلاب دەجـوولێ، ئـەوان لایـان پەسـند نییـە. دیسـان لـە لاپـەڕەی ١٠٤دا دەڵـێ: خـۆی کێشـەی سیاسـی لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی نـەبووە، بـەڵکو کێشـەی بـیر و بـڕوای بـووە و دژ بـە ئیسـلام بـووە و دوای

خوێنـــدەوەی کتێبـــەکانی «عەلامـــە تەباتـــەبایی» و «رەبـــانی شـــیرازی» تووشـــی ئـــاڵوگۆڕی دەروونی بووە و تۆبەی کردووە و وەسڵی کردووە و ئیمانی هێناوە.

لـە درێـژەی باسـەکە دوای ئـازاد بـوونی لـە زینـدانی سـوپا دەڵـێ: وتیـان ئـازادی، دەتـوانی بچـیتەوە سـەقز... لـە کـۆنگرە چـواریەکان ئـیتر کـەس لـە کوردسـتان نـەبوو و هـەمووی رۆیشتبوون، هەڵبـەت لـە کـۆنگرە چـواری، تـەنیا مامۆسـتا «هـێمن»مـان بـوو و خانـمی «ف. ق» لە مەهاباد بوو کە کەمتر مەودای تێکۆشانی بوو. (چشم‌انداز ایران ل۱۰۵)

... هـەر لـەو دانیشـتنەدا لـە میوانخانـەی ورمـێ لەگـەڵ مامۆسـتا هـێمن رێککـەوتین بـۆ سـاز کردنـی ناوەنـدێکی کولتـووری لـە ورمـێ... مـن گەڕامـەوە ورمـێ و بـۆ کـار لـە ناوەنـدی بـڵاو کردنـەوەی کولتـوور و ئـەدەبی کـوردی و بڵاوکـەرەوەی «سـەلاحەدینی ئـەیووبی» خـۆمم ئامـادە کـرد... ئێمـە هـەوڵمان دا بـۆ دانـانی گۆڤارێـك... نـاوی بـوو بـە «گۆڤـاری سـروە»... ئێمـە لـە سـەرەتاوە پـێش دەر چـوونی گۆڤارەکـە بـاس و خواسـی زۆرمـان بـوو. بەرپرسـانی بابەتەکـە دەیانویسـت گۆڤارێـك لـە ریـزی گۆڤارەکـانی حـەوزە عیلمییـەکان و رێکخـراوە تەبلیغاتیە دەوڵەتیەکان بێت، بـەڵام بـە زمـانی کـوردی بـڵاو بێتـەوە. ئێمـەش بـە زۆر دەمـانوت ئەم کارە هەڵەیە، بۆ ئەوەی کـە دەبـێ توانـایی زەیـنی و کولتـووری خـەڵکمان لـە بـەر چـاو بـێ. بۆ وەی دەمانەوێ بۆ خەڵك ئـیش بکـەین. نـابێ شـتێکی وایـان بـە سـەردا بسەلـمێنین... ئێمـە نامانەوێ ئابڕوی خۆمـان بـەرین و نـەك **بەیتولـمـاڵ بفـەوتێنین**. وتیـان: سـێ مەرجـمان هەیـە، ئەگەر بەڕێوەیان بەرن کارمان بە سەرتانەوە نییە:

١- دژ بە ئسیلام هیچ نەڵێن،

٢- دژ بە هەڵسوکەوت و ئیخلاقی کۆمەڵگا هیچ نەنووسن.

٣ـ **کێشەی سیاسی باس نەکەن** یا نەبێتە ئامرازی دەستی حیزبە موحاریبەکان.

وتـم ئێمـە شـیعر و هۆنراوەکـانی نـالی و مـەحوی و سالـم و کـوردی و حـاجی قـادر بـڵاو دەکەینەوە. (چشم‌انداز ایران ل۱۰۵ و ۱۰۶)

خوێنەری هێژا تـەنیا کـڵاوی خـۆی بکاتـە قـازی و سەرنـجێکی دەور و بـەری خـۆی بـدات و شـێوازی کـارکردی بڕێـك لـە براقـە رۆشنبیریەکانـمان لەگـەڵ بەنـد بەنـدی ئـەم وتـارەی ئاغـای

کەیـــخەسرەوی هەڵســـەنگێنێ و بزانـــێ لـــە لای ئێمـــە چـــی دەگـــوزەرێ لەوانەیـــە فـــارس وتـــەنی کەللەی سووت بکێشێ.

پێش هەڵســـەنگاندنی قســـەکانی ئاغـــای کەیخەســـرەوی بـــە هـــۆی ئـــەوەی نـــاوی گۆڤـــاری ســـروە هاتە گۆڕێ، پێویستمان زانـــی بـــۆ ئـــەوەی هـــیچ مافێـــك پێشـــێل نـــەکرابێ و راســـتیەکانیش بۆمـــان ئاشـــکراتر بـــێ. وتوویـــژێکمان لەگـــەڵ بـــەڕێز کـــاك «ئەحـــــمەدی قـــازی» سەرنووســـەری گۆڤـــاری ســـروە بـــێ. کـــاك ئەحـــــمەد ســـەبارەت بـــە چـــۆنیەتی بیرۆکـــەی دامەزرانـــدنی گۆڤـــارێکی کـــوردی و ناوەنـــدێکی کولتـــووری وتـــی: لـــەو ســـاڵانەدا بەشـــێك لـــە نیـــزام هێنـــدێك دانشـــجووی پـــەیڕەوی خەتی ئیمام و روونـــاکبیری تێـــدا بـــوو کـــە بـــۆ نەتـــەوەکان قایـــل بـــە مـــاف بـــوون و حـــەزیان دەکـــرد **بەشێك لە مافـەکان** پێـــك بێـــت. لـــەو کاتـــەدا بڕێـــك لـــە دانشـــجووەکانی پـــەیڕەوی خـــەتی ئیمـــام هـــاتن کـــە رێگایـــەکی جیـــاواز لـــە خـــەباتی چـــەکداری بـــۆ کوردســـتان وەدۆزن و بڕێـــك مـــاف دابـــین کـــەن کـــە لـــە یاســـادا دەگونـــجێ و بـــۆ نیـــزامیش جێگـــای مەترســـی نییـــە. بۆیـــە دەبـــوا تاقمێـــك مۆرەیان بدۆزیبایەتـــەوە کـــە کـــورد بـــن و لـــە روانگـــەی ئەوانیشـــەوە پەســـند کـــرابێتن کـــە هێنـــدێك بەرپرســـایەتیان بـــدەنێ. لـــەو کاتـــەدا جەوەکـــە جۆرێـــك بـــوو کـــە تـــەنیا لـــە زمـــان و کلتـــوور نەدەترسان و باقی شتەکانی تر جێگای مەترسی بوو و رێگایان پێ نەدەدرا.

ئاغـــای قـــازی لـــە وڵامـــی ئـــەو پرســـیارە کـــە کەســـێك کـــە جێگـــای متمانـــەی نیـــزام بوایـــە، چ تایبەتـــمەندییێکی دەبـــوا بـــبێ، وتـــی: دەبـــوا بـــاوەڕی بـــە خـــەباتی چـــەکداری نـــەبێ و بیرۆکەیـــەکی سەربەخۆی بێت و باوەڕی بـــە تاقـــەت و راهـــاتن لەگـــەڵ نیـــزام بێـــت تـــا ئـــەو کاتـــەی کـــە چـــۆنیەتی بـــار و دۆخـــی نیـــزام لـــە بەرامبـــەر ئـــەمریکا و شـــەڕی عێـــراق و پیلانـــەکانی تـــر روون دەبێتـــەوە و نیزام سەقامگیر دەبێ، جـــا ئەوســـا سیســـتەم بیـــەوێ کـــە وڵامـــی مافـــە نەتەوەییـــەکان بـــدات. ئـــەم کەســـانە دەبوایـــە لەگـــەڵ ئینقلابـــدا بـــن و بڕوایـــان بـــە دروشـــــمە ســـەرەکیەکان وەك یەکســـانی و مـــافی فەرهـــەنگی بـــێ، نـــەك داخوازیـــە نەتەوەییـــەکان و، هـــەر وەهـــاش داوای خودموختـــاری نەکەن، بەڵکو کێشەکان هێدی هێدی لاچێ.

دیسان کاك ئەحـمەد لـە وڵامـی ئـەم پرسـیارە کـە بەرپرسـی گۆڤـاری سـروە کێیـە فـەرموی: برادەرێکی فـارس خـەڵکی بـاکووری ئێرانـە بـە نـاوی ئاغـای ئیسـفەندیاری رەحـیم مەشـایی کـە لـە کـاتی خۆیـدا بەرپرسـایەتی گـەورەی لـە ناوچـەکەدا بـووە و ئێسـتاش لـە وەزارەتـی کشـوەر

بەرپرسـی بەشـی تەبلیغاتـه و بـه رای کـاك ئەحــمدیش مرۆڤێکـی چـاکه. ئـەو جـۆرە کـاك ئەحـمەد باسی کرد ئاغای رەحیم مەشایی لە دانشجوەکانی پەیڕەوی خەتی ئیمام بووە.

ئاغای قـازی سـەبارەت بـەوەی کـە سـەرمایەی بـەڕیوە بردنـی گۆڤـاری سـروە لـە کـوێ دێ، وتی: پارەی پێویست بۆ بەڕیوەی بردنـی سـروە سـاڵی سـی تـا چـل ملـوێن تــمەنە کـە لـە لایـەن دەوڵەتـەوە دەدرێ، هـەر وەهـاش وتـی پرسـی سیاسـی بـە هـیچ جۆریـك و بـە لایـەنگری هـیچ لایەنێك لە سروەدا باس نەکراوە و تەنیا ئەدەبی و کولتووریە و بڕێك کۆمەڵایەتی.

لە وڵامی ئەم پرسیارەش کە قازانــجی سـروە بـۆ خـەڵکی کـورد چـی بـووە، فـەرموی: سـروە لە شـێوازی گۆڤارێـك دەرچـووە و بۆتـە جـەرەیانێك بـۆ بووژانـەوەی کولتـوور و زمـانی کـوردی و زمــانێکی ئێســتانداردیش پــەروەردە دەکــات و پــەرەی پــێ دەدات و چــیها شــاعیر و نووســەری تێدا پەروەردە بووە.

لە دوایین پرسیاردا کـە وتـاری کـاك عەبـدوڵڵا حیجـانی پـێ راگەیانـدرا و چـۆنیەتی بـیروڕای ئــەو سـەبارەت بـەم بیرۆکـە پرسـیار کـرا وتـی: نـەك ئێـران بـەڵکو هـەموو دەسـەڵاتداران حـەز دەکەن بزووتنـەوەی کـورد سیاسـی نـەبێ وەك تورکیـا و تەنانـەت عێراقـی ئێسـتاش بـە رای مـن بزووتنــەوەی کولتــووری لــە بزووتنــەوەی رامیــاری جیــاواز نییــە و بزووتنەوەیــەکی رامیــاری نەتەوەیی بـە دەسـتەوەیە و هـەر پارچـەیش لـە بـاری گونــجاوی خـۆی هـەوڵی بـۆ ئـەدات. ئـەم جــم و جــۆڵ و رێفۆرمانــە پێکــەوە کــۆ دەبنــەوە و دبنــە شــەپۆل، بــەڵام هــەوڵ بــۆ دەرهێنــانی بزووتنــەوە لەخشــتەی رامیــاریش دیــارە لــە ســەر بڕێــك روونــاکبیری نوێخــواز بــە تایبــەت لــە باشووری رۆژهەڵاتی کوردسـتان بـێ ئەسـەر نـەبووە. بـە هـەر حـاڵ کەسـانێك هـەن کـە چـالاك و ئــەکتیڤ نــین و دەروونگــران و بــڕێکیش موشــارکەتی بــیر دەکەنــەوە. بــەڵام لــە موکریــان ئــەوە کــەمترە یــان نییــە. بــە رای مــن ئیمتیــازی فەرهــەنگی هــەر ئیمتیــازی سیاســیە وەك دەڵــێن: «بابە بیکە و نێوی مەبە»

(وتوویژی تەلەفونی رۆژی ١٣٨٢/١٠/٢٥)

وێڕای سوپاس بۆ بـەڕێز کـاك ئەحــمەدی قـازی کـە بـە روونـی و راشـکاوی وڵامـی دایـەوە، دەچــینە ســەر باســی هەڵســەنگاندنی وتارەکــەی ئاغــای کەیــخەسرەوی و پرســیارگەلێك کــە بۆمان دێتە گۆڕێ.

دیاره ئاغای کەیخەسرەویش بە راشکاوی قسەی کردووە و دەڵێ یەکێك لە خاڵەکانی خودموختاری پەرە پێدان بە زمان و کولتووری کوردییە. پرسیار ئەوەیە کە:

١- خاڵەکانی تری چی بووە؟

٢- ئایا خاڵێك لە چەند خاڵ داخوازی بەدیهێنان وەك ئەوە نییە کە عەقڵییەتی گەلێك وەك منداڵێك سەیر کرێ و بیانووەکانی بە شوکولاتێك هێمن کرێتەوە؟ لە حاڵەتێکدا کە ئەم عالەمە منداڵ نین و ئەگەر ئەو داخوازیانەش بەرحەق بووبێ دڵنیاین کە قەد ناسڕێتەوە.

٣- ئایا ئاکامی ئەم کارە سەرکەوتوو بووە و بە بەدیهێنانی ئەو خاڵە هەموو پێویستیەکانی خەڵکی کوردی ئەم پارچە بەدی هات و کێشەکان تەواو بوون؟ یان بوونە **ئاگری ژێر خۆڵەمێش**؟

دیسان کاتێك داوای هاوکاری لە کاك فارووقی کەیخەسرەوی کراوە. بە راشکاوی دەڵێ: من نە شاعیرم نە ئەدیبم نە وەرگێڕ! خەڵکی ئەهلی قەڵەم زۆرن، ئەوانە کۆوەکەن ئێمەش خزمەتیان دەکەین. پرسیار ئەمەیە:

١- بەڕێزی ئەگەر لەم تاقمە نییە چۆن خزمەتێکی کردووە؟ ٢- ئەمە ئاگادارییەك بۆ عەزیزانی هەڵکەوتەی ئێمە لە بواری شیعر و ئەدەب و وەرگێڕان نییە کە لەوانەیە زۆر بە ئاسایی بێ ئەوەی خۆیان ویستبێتیان لەو قەڵەمە زێڕینەیان بە پێچەوانەوە کەڵك وەرگیرا بێ؟ زۆر جێی داخ و مەترسیە کە قەڵەمی زێڕ کە گەوهەری وشەی لێ ساریژ دەبێ وەك دەرمانی دەردبڕی کاتی (مسکن موضعي) بە کار هێنرابێ لە کاتێکدا ئەو قەڵەمە ئەتوانێ خۆی سەرچاوەی بیرۆکەیەکی نوێ و رزگاریخواز بێت کە بۆ چارەسەر و دەرمانی کێشەکان بە کار دێت و لە هەموویشی ناخۆشتر ئەوەیە کە خاوەنی ئەو قەڵەمە قەد بە مەبەستی دەردبڕی کاتی بە کاری نەبردووە.

دیسان ئاماژەی ئاغای کەیخەسرەوی بە هێنانە مەیدانی مامۆستا هێمن بۆ ئەوەی کە نووسەران لێی کۆ ببنەوە جێگای سەرنجە و هەر وەهاش بناغە و مەبەست و شێوازی دەست بە کار بوونی رێکخراوە و ناوەندە کولتوورییە جۆراوجۆرەکان و بڕێك گۆڤار و چاپەمەنی و بڵاوکراوە ئەویش تەنیا بۆ شیعر و ئەدەب نەك سیاسەت. خوێنەری هێژا دی کە ئاغای کەیخەسرەوی باسی بە فیڕۆنەدانی بەیتولمالی کرد و بڕیار لە سەر ئەوەی کە

کێشـەی سیاسـی بـاس نـەکرێ. وەڵامـی بڕێـك لـەم پرسـیار و سەرنـجانە هـەر لـە نـاو گۆڤـاری «چشـمانـداز ایـران» و لـە وتارەکـەی ئاغـای کەیـخەسرەوی لـە لاپـەڕەکانی ١٠٦، ١٠٧ دەبینـدرێ. کـاك فـارووق لـە لاپـەڕەی ١٠٦ دەڵـێ سـەبارەت بـە کوردسـتان نـەك ئێمـە داوای جیابوونـەوەمان نـەکردووە، بـەڵکو بـە چەشـنێك داوای پێکـەوە گیرسـانیش دەکـەین! ئێمـە ئـەم تیۆریـەمان نییـە کـە کوردەکـانی وڵاتـەکانی تـر جیـا ببنـەوە و بێنـە ئێـران. ئەگـەر لـە هـەر وڵاتێـك مـافی نەتـەوەیی و کولتـووری خـەڵکی کـورد بـە رەسـمی بناسـرێ و دەسـتی کـەم هـەر ئـەم **پێوەندیـە ئـابووری و کولتووریـەی کـە ئێسـتا لـە نێـوان کوردسـتانی عێـراق و کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هەیـە بـەردەوام بێـت یـەکگرتوویی نێونەتـەوەیی و پاراسـتنی سـنووری ئێـران بـۆ هەمیشـە گـارانتی دەکـرێ**. دیسـان لـە لاپـەڕەی ١٠٧ دەڵـێ، گومـان مەکـەن چـونکە ئێسـتا کۆمـەڵگا هـێمن کراوەتـەوە، هـەموو کێشـەکان تـەواو بـووە، بـەڵکو بناغە مێژووییەکانی ئـەم پرسـە بـە هـەمان شـێوازی سـەرەکی هـەر بەردەوامـە و لـە داهـاتوودا لەوانەیـە دەرفـەتێك بـۆ جـموجۆڵێکی ناعاقلانـە بڕەخسـێ، **ئاگرێـك لـە ژێـر خۆڵەمێشـدایە کە لەوانەیە جارێکی تر ئەم ئاگرە هەموو جیهانی دەور و بەرمان بگرێتەوە.**

ئامـاژەی ئاغـای کەیخەسـرەوی بـە پێوەنـدی ئـابووری و کولتـووری کوردسـتانی باشـوور و کۆماری ئیسـلامی ئێـران بـە مەبەسـتی پاراسـتنی سـنووری ئێـران دیسـان زۆر جێگـای سـەرنجە و هـەر وەهـاش بڕیارێـك کـە لـە سـەر گۆڤـاری سـروە دراوە بـۆوەی کـە کێشـەی سیاسـی بـاس نەکرێ. ئەمانە دیسـان قسـەکەی بـەڕێز کـاك «عەبـدوڵڵا حیجـاب»مـان دێنێتـەوە بـیر کـە پێـی وایـە بەشـی یەکـەمی ئیسـتراتیژی دیـاریکراو سـەبارەت بـە بزووتنـەوەی کـوردی ئـەم پارچـە، دەرهێنـانی لەخشـتەی سیاسـییە و بەشـی دووەمیشـی هـەوڵ دان بـۆ پتـەو کردنـی جـێ پێـی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئەم پارچە، لە پارچەکانی تر.

دیـارە لێـرەدا هـەموو سەرنـجەکان رادەکێشـرێ بـەرەو ئەنیسـتیتۆی فەرهـەنگی کوردسـتان لـە تـاران کـە بـە **ئەنیسـتیتۆی کـوردی تـاران** بەناوبانگـە و چـەندین وەفـدی رەسـمی بـۆ پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی باشوور و باکووری کوردستان بەڕێ کردووە.

نووسـەر بـۆ ئـەوەی کـە هـیچ چەشـنە هەڵسـەنگاندنێکی یـەك لایەنـە و خێـرای نـەکردبێ، پێوەنـدی گـرت بـە بەرپرسـی ئـەم ئەنسـتیتۆیە کـاك «بـارامی وەلەدبـەیگی». (وتووێـژی تەلەفونی رۆژی ١٣٨٢/١٠/٢٤)

ئاغـای «وەلەدبـەیگی» سـەبارەت بـە ئەنیسـتیتۆی فەرهـەنگی کوردسـتان لـە تـاران وتـی کە لـە سـاڵی ١٣٧٦ی هـەتاوی کـە لـە سـنە سەرنووسـەری هەفتەنامـەی ئاویـەر (آبیـدر) بـووە لە وەزارەتی ئیرشـاد داوای دانـانی ناوەنـدێکی کولتـووری لـە تـاران کـردووە. ئەنیسـتیتۆی کـورد لە زسـتانی ١٣٧٩ی هـەتاوی لـە تـاران دەسـت بـە کـار بـووە. لـە ئەساسنامەکەیشـیدا باسـی هـەوڵی کولتـووری لـە بوارگـەلی چـاپەمەنی چ کتێـب و چ گۆڤـار، شـانۆ، مۆسـیقا، وەرگێـڕان پیشانگا، کۆنفرانس و پێوەنـدی کولتـووری کـراوە. گۆڤـاری تایبـەت بـەم ئەنیسـتیتۆیە بـە نـاوی کوردستان لە یەك ژمارەدا بـڵاو کراوەتـەوە و بـە قسـەی ئاغـای وەلەدبـەیگی بـەری پـێ گـیراوە. ژمارە دووی کوردسـتان بـە شـێوەی کتیبێـك لـە پـاییزی ئەمسـاڵدا دەرچـوو کـە باسـی سیاسـی تێدا نەبوو و تەنیا تیۆری و ئەدەبی بوو.

لـە وڵامـی ئـەو پرسـیارە کـە چـۆنە وا ئەنسـتیتۆی کـورد وەك نوێنـەری فەرهـەنگی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان لـە پارچـەکانی تـر ناسـراوە و ئـەم نوێنەرایەتیـەی چـۆن پـێ دراوە، وتـی: **ئەنسـتیتۆی کـوردی تـاران نوێنـەری فەرهـەنگی خـەڵکی کـوردی ئـەم پارچـەیە نییـە** و **پێوەندیـەکانی ئەنسـتیتۆش لەگـەڵ پارچـەکانی تـر بـە هـۆی پێوەندیـەکانی تاکەکەسـی ئاغـای وەلەدبـەیگی لەگـەڵ کـوردە خـاوەن دەسـەڵاتەکان یـان ڕۆشـنبیرانی ئـەو پارچانەی ترەوە، دەستی پێ کردووە.**

دیسان لە وڵامی ئەم پرسـیارە کـە سـەرەتای ئـەم پێوەندیانـەی ئـەو و کوردەکـانی تـر چـۆن و کـەی بـووە، وتـی: هـەر لـە کـاتی ڕاپـەڕینی ئێرانـەوە، ئـەو کوردەکـانی باشـووری ناسـیوە بـۆ نـموونە «حەکیم مەلا سـاڵح» کـە لـە زسـتانی ١٣٥٧ی هـەتاوی لـە پـاوە بـووە ئاشـنای ئـەوە و هـەر وەهـاش بـە هـۆی ئـەوەی ماوەیـەك ڕاوێـژکاری فەرهـەنگی پارێزگـەری کوردسـتان «موحەمـەدڕەزا ڕەحیمـی» ئوسـتانداری کوردسـتان لـە کـاتی سـەر کۆمـاری «هاشـمی ڕەفسەنـجانی»دا بـووە، پێوەنـدی لەگـەڵ کوردەکـانی باشـوور زۆرتـر بـووە. **کـاك بـارامی وەلەدبـەیگی دەڵـێ: دۆسـتانی کـوردی عێـراقیم لـە ناسـاندنی مـن و کارەکانـم نەخشـی سـەرەکی و بەرچـاویان بـووە.** (هەڵبـەت پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بکـەین کـاك بارام لەگەڵ بەشی هەولێر پێوەندیەکەی گەرم و گوڕترە)

سەبارەت بە چۆنیەتی پێوەندی خۆی لەگەڵ کوردەکانی باکوور دەڵێ: لە کاتی گیرانی ئۆجالان، وەك سەرنووسەری ئاویەر، چالاکی زۆری لە هەفتەنامەی ئاویەردا بووە و یەکەم پێوەندی لەگەڵ «مێد تی ڤی» و یەکەم موقابەلە لە رۆژهەلاتەوە ئەو کردوویەتی و پێش لە ئەم سەفەرە دواییە کە بۆ بەشداری لە فێستیوالێك لە دیاربەکر وەفدێکی لەگەڵ خۆی برد، چەند جار لە لایەن ئەنیستیتۆی کوردی ئەستانبوڵ بانگهێشت کراوە. (هەڵبەت مافی تەواوی ژنانی چالاکی ئەم پارچەی پێشێل کرد و رێگری لە بەشداری ژنان کرد کە خۆی جێگای نووسین و باس و خواسێکی جیاوازە و لێرەدا ناگونجێ.)

کاك بارام لە ولامی ئەم پرسیارەش کە یەکەم سەفەری فەرهەنگی کەی بووە و چۆن دەستی پێکردووە وتی: کاتێك لە پارێزگای کوردستان راوێژکاری پارێزگەر بووم و ئەمدی لە زانکۆکانی ئێران کوڕ بۆ هەڵەبجە دەگیردرێ بڕیارم دا خۆمان بچین و لە نزیکەوە هەڵەبجە ببینین. بۆیە یەکەم وەفدی رەسمی رۆژهەلاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی (١٩٩٤ی زایینی) چوو بۆ هەڵەبجە و سلێمانی و هەولێر. لەو کاتەوە تا ئێستا ٢٠-٢٥ وەفدی رەسمی سەفەری لەگەڵ مندا بووە بۆ باشووری کوردستان. ئاماژە بەوەش بکەین کە بارامی وەلەدبەیگی زۆر شانازی دەکات بەوەی کە یەکەم وەفدیی فەرهەنگی بردۆتە ئەودیو و بۆتە پردێکی پێوەندی فەرهەنگی ئەم دیو و ئەو دیو. لە ئاکامدا کاك بارام زۆر سوورە لە سەر ئەوەی کە هیچ چەشنە یارمەتی مالی لە دەولەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بەڕێوە بردنی ئەنیستیتۆ وەرناگرێ! بەلام سەرچاوەی بەڕێوەبەری مالی ئەنیستیتۆی روون نەکردەوە و ئەوەش مافی خۆیەتی. نووسەری ئەم وتارە سوپاسی کاك بارامی وەلەدبەیگی دەکا بۆ ولامدانەوەی پرسیارەکان.

***

لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی فەرهەنگی و چۆنیەتی بزووتنەوەی کوردی لەم پارچە پێویستی بە بەرچاو گرتنی قۆناغە سیاسیەکانی ئێران لە پێش ریفۆرمخوازی و دوای بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی دووی جۆزەردان هەیە.

جوان دیارە دەسەلات لە دوای شەڕی ناوخۆی ئێران لە ساڵەکانی ٥٩-١٣٥٧ی هەتاوی هەولی دا ناوچە کوردییەکان بە هەموو شێوەیەك هێمن راگرێ. دوای سەقامگیر

بوونیشی و تەواو بوونی شەڕی عێراق، نە خاڵی ١٥ی دەستووری بنەڕەتی لە سەر ئازاد بوونی زمانە نەتەوییەکان بە دی هات و نە هیچ مافێکی تر درا. لە دەرەوەی وڵاتیش پرسگەلێ وەکو مێکۆنوس بەرێوە چوو و... هتد.

لەم قۆناغەی ١٣٧٦-١٣٥٩ دەنگێکی سیاسی ئاشکرا لە ناو وڵات نابیسترێ. تەنیا لە باری کولتووری سێ (٣) بڵاوکراوە چالاکن.

١- گۆڤاری سروە

٢- گۆڤاری ئەسحابی ئینقلاب کە هی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی بووە و چەند لاپەڕەیەکی بە کوردی بووە و دوایش ناوی گۆڕیوە بە ئامانج و ئەسا بۆتە ئاوێنە. ماوەیەك چالاك بووە و ئێستا وا نییە.

٣- هەفتەنامەی ئاویەر بە بەرپرسایەتی ئاغای موحەممەدڕەزا رەحیمی پارێزگەری ئەو کاتەی کوردستان، هاو کات لەگەڵ کۆنگرەی فەرزانەکانی کورد لە دایك دەبێ.

ئەو کاتە دەستەبەندیەکانی نێو کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەم زەقیەی ئێستا نەبوو و قودرەت بە دەست راستیەکان و میانەڕەوەکانی لایەنگری رەفسەنجانی بوو. هەفتەنامەی ئاویەر بە سەرنووسەری کاك بارامی وەلەدبەیگی دەست بە کار دەبێ. ئاویەر لە سەرەتاوە ئەدەبی و کولتووری بووە و لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاویەوە کە دەستەبەندی راست و چەپی سیستەم لە پارێزگای کوردستانیش زەق کرایەوە، ئاویەریش کەوتە چالاکی رامیاری و لای خەڵك وەك هەفتەنامەیەکی لایەنگری تاقمەی قایمکاری (محافظەکار) ئێران ناسرا.

بە شوێن هەلومەرجی رێفۆرمخوازی دوای دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ەوە، جەوێکی نوێ لە تەواوی ئێران و لە کوردستانیش پێك هات. ئەمە هێز و ویستی خەڵك بوو کە چەرخی رێفۆرمخوازی لە ئێران رێخستبوو و ئازادی زۆرتری دەویست. لە سەرەتاوە بەرێوەبەران و ئاڵاهەڵگرانی ریفۆرمخوازی لە ئێران لایەنی چەپی سیستەم بوون کە بۆ ماوەیەك لە پرۆسەی دابەش کردنی قودرەتدا لە بەرامبەر لایەنی راست دابەزیبوون و ئێستا بە دروشمی نوێ و داخوازی نوێ هاتبوونەوە. بەستێنی داخوازی خەڵکیش بۆ ریفۆڕم و

ئــازادی زیــاتر، دەرفــەتێکی باشــی بۆیــان دەرەخســاند و لــە هەڵبژادنەکــەی دووی جــۆزەردان سەرکەوتن.

لایەنی چپ یان ریفۆرمــــخوازی ئێــران حیزبێکــی بــە نــاوی موشــاریکەت دروســت کــرد و لــە هــەموو پارێزگاکــانی ئێــران کەوتــە هــەوڵ و تێکۆشــان و دەســتی کــرد بــە یــارگیری. یــارانی جــەناحی چــەپ لــەو ســەردەمەی ســەرەتای بزووتنــەوەی ریفۆرمـــخوازیدا لــە ئێــران و لــە پارێزگــای کوردســتان، خــەڵکی مەزهــەبی و باوەڕمەنــد بــە سیســتەم بــوون کــە داوای بڕێــك ئاڵوگۆڕیان دەکــرد. وردە وردە کەســانێکی تریشــیان لــە چالاکانی خــەڵکی بــە هــۆی رەخســاندنی دەرفەتێك بۆ تێکۆشان بە لای خۆیاندا راکێشا.

هەفتەنامــەی «ســیروان» لــە دایــك بــووی ئــەو هەلومەرجــە و ئــەو کاتەیــە و ئیمتیازەکــەی هــی «هــەمیاری شــارەداریی ســنە»یــە . ئــەم هەفتەنامەیــە تــەنیا کولتــووری و ئــەدەبی نــەبوو بــەڵکوو بــە راشــکاویش سیاســی بــوو، وەك لایــەنگری تاقمــەی ریفۆرمـــخوازی ئێــران واتــە جێنــاحی چــەپ ناســرا. لــەوە بــە دوا هێــدی هێــدی گۆڤــاری تــر لــە دایــك بــوون و **بــە هــۆی بــارودۆخی هاوچــەرخ قەدەغــە بــوونی سیاســەت کــەمتر بــوو**. هەفتەنامــەی «ئاســۆ» کــە خــۆی وەك هەفتەنامەیــەکی ســەربەخۆ دەزانــێ، هاتــە نێــو دنیــای چــاپەمەنیەکان و لــەم دواییانەشــدا هەفتەنامــەی «کــەرەفتو»، «پیــام مــردم»، «رۆژهــەڵات» و «چــاوان» هــاتووە و لــە بەشــەکانی تــری ناوچــە کوردەواریــەکانیش گۆڤــار دەردەچــێ وەك «مــەهاباد» و «بێســتوون» و... هتد.

بەم زوانەش رۆژنامەیــەك بــە نــاوی «ئاشــتی» بــە سەرنووســەری ئاغــای وەلەدبــەیگی قــەرارە دەربچێ. پێویستە بزانین هیچکام لەم بڵاوکراوانــە یەکســەر کــوردی نــین، بــەڵکو بــە دوو زمــانی کوردی و فارسی بڵاو دەبنەوە.

لێــرەدا پێویســتە ئامــاژە بــە گۆڤــارە دانشــجوییەکان بکــرێ وەك گۆڤــاری «راڤــە»، «ســوما»، «روانگــە» و... هتــد. گۆڤــارە دانشــجوییەکان رچەشــکێن بــوون و باســی کێشــەی کوردیــان لــە بــواری سیاســییەوە کــردە بــاو. کــاك کــاوەی دەســتوورە سەرنووســەری گۆڤــاری خوێندکاری راڤە کە داخرا، بە زوویــی بــە گۆڤــارێکی نــوێ بــە نــاوی «نڤیســا» دێتــەوە مەیــدانی رۆژنامــەڤانی. کــاك کــاوە دەڵــێ چــەندین گۆڤــاری خوێنــدکاری دەردەچــن وەك «روانگــە»، «سۆما»، «پرسیار»، «کازیوە» «مانگەشەو»، «ژین» و... هتد.

نزیك ٢٠-١٥ گۆڤاریش هەن کە یەك دوو ژمارەیان دەرچووە و ئێستا راوەستاون.

سـەبارەت بـە گۆڤـاری خوێنـدکاری راڤـەش دەڵـێ کـە لـە پـاییزی ١٣٨٠ ئیجـازەی بـڵاو بوونـەوەی گـرت و لـە بـەهاری ١٣٨١ یەکـەم ژمـارەی دەرچـوو. بـە داخـەوە راڤـە دوای ٣ ژمـارە لـە لایـەن لیژنـەی چـاودێری بڵاوکـراوە خوێندکارییـەکان (هیئـت نظـارت بـر نشـریات دانشـجویي) داخـرا. پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بکـەین کـە لـە مێـژوی زانکـۆی تارانـدا راڤـە یەکەمین گۆڤاری خوێندکارییە کـە داخـراوە. سەرنووسـەری راڤـە دەڵـێ بـە هـۆی ئـەو گۆڤـارەوە لە لایـەن کۆمیتـەی چـاودێری و رێکـوپێکی زانکـۆوە کێشـەیەکی بـۆ سـاز کـراوە. هـەر وەهـاش باسـی ئـەوە دەکـات کـە لـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران ناوەنـدی ئیجـازەدان بـۆ بـڵاو بوونـەوەی گۆڤـارە خوێندکارییـەکان و ناوەنـدی بڕیـاردان لـە سـەر داخرانیـان یەکێکـە و ئـەوەش رەوتێکـی هەڵەیە. (وتووێژی تەلفونی ١٣٨٢/١٠/٢٦)

ئاماژەمـان کـرد بـەوەی کـە هەفتەنامـەی ئاسـۆ خـۆی وەك هەفتەنامەیـەکی سـەربەخۆ دەزانێ. کاك «جەلیلی ئازادیـخواز» سەرنووسـەری ئاسـۆ لـە وتارێکـدا بـە توونـدی رەخنـەی لـە پێوەندییـە فەرهەنگییـەکان گرتـووە و مەکانیسـمەکەی پـێ هەڵەیـە. بـۆوەی بـیروڕای بـزانین چەند پرسـیارێکمان لێـی کـرد. کـاك جـەلیل لـە وڵامـی ئـەو پرسـیارە کـە ئایـا بەڕاسـتی ئاسـۆ هەفتەنامەیەکی سـەربەخۆیە و لایـەنگری هـیچ تاقمـەیێکی سیاسـی لـە ئێـران و لـە کوردسـتاندا نییە وتـی: ئـەوەی کـە بەڕاسـتی ئاسـۆ هەفتەنامەیـەکی سـەربەخۆ و بـێ لایەنـە، سـەیر کـردن و خوێندنەوەی ژمـارە بڵاوکراوەکـانی ئـەو راسـتییە دەر دەخـەن کـە چـەند ئـەو داوایـە رەوایـە کـە هەفتە نامەیـەکی سـەربەخۆیە. بـەڵێ پـێم وایـە و بـە راشـکاوییەوەیە دەڵـێم ئاسـۆ سـەربەخۆیە. سـەربەخۆ بـەو مانایـە کـە راسـتەوخۆ یـا ناڕاسـتەوخۆ خـۆی نەبەسـتۆتەوە بـە هـیچ لایـەن و دەسـتە و تاقمەیـەکی سیاسـییەوە، نەبۆتـە مینبـەر و بڵێنـدگۆ و بڵاوکـەرەوەی بۆچـوون و روانگـە و هەڵوێسـتە سیاسـییەکانی هـیچ دەسـتە و حیـزب و گـروپ و لایـەنی سیاسـی دیـاریکراو. پاشـکۆی فەرهـەنگی سیاسـی هـیچ دەسـەڵات و بەرەیـەکی سیاسـی دیـاریکراویش نییـە. بـەڵام ئـەوەی کـە دەڵێـی بـێ لایەنـە مەبەسـت و واتاکـە دەبـێ روون کرێتـەوە. ئەگـەر مەبەسـت ئەوەیـە لـە کێشـە گرنگـە سیاسـی – کولتوورییەکانـدا هەڵوێسـت نـەگرێت و هـیچ جۆرە خوێندنەوەیەکی نەبێت، نـەخێر وا نییـە، ئەمـەش پێناسـەی بـێ لایـەنی نییـە. بـێ لایـەنی

بریتییە لەوەی کە خوی بە هیچ کەس و دەستە و تاقمەیکەوە نەبەستێتەوە، بەڵکو وەك ئۆرگانێکی بەهێز و چاودێری بەستێنی دیموکراسییە کە بە دەسەڵاتی چوارەم ناودێر دەکرێ روو بکاتە هەموو کێشەکان و لێکدانەوە و بۆچوون و خوێندنەوەی خۆی هەبێت کە بوویەتی و پەیڕەوی رەوتێکی جەماوەری بەرفراوان دەکات کە لە چوارچێوەی کولتوور و داخوازییەکانی کوردانی ئێراندا خوی دەبینێتەوە.

بۆ وڵامی ئەم پرسیارە کە لە کەیەوە بۆتە سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاسۆ و لە کاتی هاتنیەوە چ ئاڵ و گۆڕێکی پێك هێناوە دەڵێ: دیارە من لە سەرەتای ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوییەوە بوومەتە سەرنووسەری ئاسۆ و هاوڕێ لەگەڵ هاوڕێکانم ستافێکمان بۆ ئاسۆ دروست کرد. ئەوەی کە ئێستە لە بەر دەست دایە بەری رەنجی ئەو ستافەیە. ئەو گۆڕانکاریانەش کە لە ئاسۆ روویان داوە دیسانەوە بەراورد کردنی خولی تازەی ئاسۆ لەگەڵ خولی کۆنی ئاسۆ دەر دەکەون چین، هەر لە رووی فۆڕم و ئارایشت و چۆنیەتی رازاندنەوە و بەرەنگی بوونیەوە تا دەگاتە تۆکمە بوون و پێز و بڕستی ناوەرۆکی. ئاسۆ مینبەرێ بووە بۆ زۆربەی هەرە زۆری قەڵەم بە دەستان و خاوەن رایانی کورد و توانیویەتی خوی بخاتە خزمەت زۆربەی هەرە زۆری رووناکبیران و کوردەوە. باشترین ئاماژە ئەوەیە کە سەرەتاوە کاتی هاتنی ئێمە بۆ ئاسۆ تیراژی ئەم هەفتەنامەیە بە زۆر دەگەشتە دووهەزار دانە و ئەمڕۆ دەڕوات کە لە دە هەزار تێپەڕێت. ئەمە خۆی بە روونی دەری دەخات کە چ گۆڕانکارییەك بە سەر ئاسۆدا هاتووە.

کاك جەلیل سەبارەت بە چۆنیەتی دابین کردنی بووجەی ئاسۆ دەڵێ: هەفتەنامەی ئاسۆ هەر لە دەست پێکردنی خولی تازەیەوە دابین کردنی بووجەی لە ئەستۆی خۆماندا بووە و بە هەموو گرفت و ئاستەنگی و کەم دەستییەکانمانەوە تا ئێستا توانیومانە درێژە بە کارەکەمان بدەین، بەڵام پێ دەچێ ئیتر نەتوانین درێژە بەم کارە بدەین، ئەوشی تەنیا لەبەر ئاستەنگە ئابووریەکەی. تا ئێستا لە هیچ لایێکەوە یارمەتیمان نەدراوە، بەڵام بەشی رێکلامی ئاسۆ بەڕاستی چالاکە و دەتوانم بڵێم کە لە سەدا شەستی خەرجەکانی قەرەبوو دەکاتەوە و لە سەدا چلەکەشی لە باخەڵی جەنابمان خەرج دەکرێ. تۆزێ لێبڕان و نەختێ بەرپرسایەتی مەودای وا دەڕەخسێنێ کە کۆمەڵێ نووسەر و شاعیر و رووناکبیر بتوانن دەست بدەنە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بڵاوکراوانە.

لـە سەرنووسـەری ئاسـۆ پرسـیارمان کـرد کـە لـە وتارێکـدا ئێـوە رەخنـەتان لـە پێوەندییـە فەرهەنگییەکان گرتبـوو و ئـەم مکانیزمـەتان پـێ قبـووڵ نـەبوو، دەمانـەوێ بـیر و رای ئێـوە لـە سەر ئەم بابەتە بـزانین. وتـی: ئـەوەی کـە مـن چـۆن دەڕوانـمە پێوەندییـە فەرهەنگییـەکانی ئـەم دیو و ئەو دیو ئەوە لـەو وتـارەدا بـە راشـکاوی بۆچـوونەکانی خـۆمم دەربڕیـوە و لـە داهاتووشـدا لـە وتـارێکی دیکـەدا کـە بـە دەسـتەوەیە دوا سەرنـجەکانی خـۆم دەر دەبـڕم بـەڵام ئـەوە تـەنیا من نیم کە تێبینی و پرسیاری گـەورەم هەیـە لـە سـەر چـۆنیەتی ئـەم پێوەندیانـە بـەڵکو زۆربـەی هەرە زۆری نووسـەران و رووناکبیرانی ئـەم دیـو ئـەو حاڵەتـەیان هەیـە. ئـەو رەخنانـەی کـە لـەو مکانیزمـە گـیراوە دیـارە کـە زۆر روون و بـە جێیـە و دەخـوازێ پیاچـوونەوەیەکی بکرێـت. ئـەو کەسەی کە بۆتە سەردەمداری ئـەم پێوەندییـە فەرهەنگیانـە نـە شـیاوی ئەوەیـە و نـە لـە بازنـەی کولتـوور و فەرهەنگـدا جێگـەی دەبێتـەوە و نـە کـاری کولتـووری دەکـات و نـە کردوویـەتی و هەموو رێگاکـان بەسـتراوەتەوە بـەوە و دەسـەڵاتێکی پـێ بەخشـراوە بـۆ لـەبار بردنـی ئـەم رەوتـە فەرهەنگییە و لە راسـتیدا ئـەم رەوت و پێوەندییـە لەخشـتە بـراوە و هـەر لـە خـۆڕا کوێخـای بـۆ سـاز دراوە. چ بەرژەوەندییـەك لـە پشـت ئـەم سـناریۆوەیە نـازانین و پرسـەکانیش ئەوەیـە دەبـێ ئەم سناریۆیە رۆشن بێتـەوە. کاتـێ کـە ناوەنـدە رەسـمییەکان ئـەو دەسـەڵات و مافـەیان نییـە و هـیچ رێکخراوەیـەکی کولتـووری و پیشـەییش بـۆی نییـە لـەو هێڵـە سـوورە نزیـك بێتـەوە تـەنیا ئەو رێگایـە نـەبێت، ئەمـە خـۆی جێگـای سەرنـجە. بـە بـاوەڕی مـن کـاتی ئـەوە هـاتووە ئـەو پاشـاگەردانی ئـەم لێڵییـەی بـواری فەرهـەنگ و ئـەدەب روون بکرێتـەوە و لـە خـۆڕا لـە پێنـاوی بەرژەوەندی سیاسیدا کوێخا بۆ ئەدەبی کوردی دروست نەکرێت.

لـە دوایـین پرسـیاردا کـاك جـەلیل سـەبارەت بـە قسـەکەی کـاك عەبـدوڵڵا حیجـاب وتـی: لەمـەڕ بۆچـوونەکەی کـاك عەبـدوڵڵا حیجابـەوە دەبـێ بڵـێم شـێوەیەکی گشـتی ئـەو روانگەیـە رەوایـە و لـە هـەموو دنیـادا هـەوڵ لـە گەڕدایـە بـۆ ئـەوەی بزاڤـی و هەوڵـە کولتـووری و فەرهەنگییـەکان بـە راسـتەیەکدا بـڕوات کـە دەسـەڵات بـۆی دەخـوازێ و لـە لای باشـە. بـەڵام ئەوەی راستی بێ لای ئێمـە بـە شـێوەیێکی ئاشـکرا و دیـار پـرۆژەی وا زەق هەسـت پـێ ناکرێـت و لــە گۆڕەپانەکەشــدا کــەس بــە زۆر بــەرەو ئــەوێ رکێــف کــێش ناکــەن. هەرچــەندە ئــەو تابۆسـازییەی کـە لـە دەرەوەی بزاڤـی رووناکبیری و فەرهەنگییـەوە بـە سـەر ئـەم بزاڤـەدا دەیانـەوێ بسـەپێنن بەرچـاوە، جـا سـەیر ئەوەیـە ئـەم تابۆسـازیە لـە لایـەن کەسـانێك و لایـەن

گەلێکــەوە دەکــرێ کــە خویــان بــە پێشــکەوتووخواز و دیـــموکراسی و ئازادیخوازدەزانــن و دەسەڵاتی کوردین بە پــەرِ و بــاڵ دان بــە کەســانێك و پــۆلێن و مۆنۆپــۆلی کــردن هــەموو دەزگــا و میــدیا کوردییــەکان بۆیــان دەیانــەوێ ئــەم پرۆژەیــە بــە ئەنــجام بگــەیێنن و وایــان کــردووە هــەر کەس نەچێتە ژێر چەتری ئەم رەوتــەوە گومــان لــە خــۆی بکــات کــە خــاوەن بەهرەیــە. ئــەم رەوتــە ئەگــەر وا بچــێتە پێشــەوە بــە زوویــی چارەســەر نــەکرێت بەرەنــجامی زۆر نالــەبار و دزێــوی لــێ دەکەوێتەوە و هەر ئێســتاش لێــی کەوتۆتــەوە. هژمۆنییــەك کــە هــیچ رۆڵێکــی لــەم بــوارەدا نییــە و ئێستا تا رادەیەك توانیویــەتی خــۆی بســەپێنێ، ترســناکە دەتــوانی لــە کــات و ســاتی مێــژووی چــارەنووس ســازدا ئــەم بزاڤــە دوچــاری هەڵــدێر و هەڵــەمووتی زۆر نالــەبار بکــات و هــەموانیش ئەم راستییە دەزانن و ئاورِێکی راشکاوانە و شەفاف لە کێشەکەش نادەنەوە.

سپاســی کــاك جــەلیل ئازادیـــخواز دەکــەین بــۆ دەربــرِینی راشــکاوانەی بــیر و رای خــۆی و وڵام دانەوەی پرسیارەکانــمان.

❊❊❊

ئاوەڵە کردنی مەیــدان بــۆ باســی رامیــاری و هێنانــە گــۆرِی کێشەکانیشــمان لــە پێنــاو ئــەوە دایــە کـــە جەســـارەتی بەرپرســـان و سەرنووســـەرانی بابەتـــەکانی ئـــەم بڵاوکراوانـــە بـــۆ قبـــووڵی بەرپرســـایەتی و وڵامدانـــەوە لـــە بەرامبـــەر یاســـای چـــاپەمەنیەکانی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران چەنێك بێ؟ لەو لاشەوە خۆمان چەنێك سامــمان شکابێ و ئیتر خۆمان سانسۆر نەکەین.

بـــە رای نووســـەر ئـــەرکی گـــەورەی ســـەر شـــانی نووســـەران و روونـــاکبیرانی کـــورد لـــەم هەلومەرجــەدا زۆر زۆر ســەنگینترە. ئێســتا کــە جەوەکــە بــە هــەر هۆیەکــەوە نــەختێك گــۆرِاوە، بێدەنگی و خۆسانسۆری تاوانێکی مێژوییە.

ســەرەکیترین ئامانـــجی رێفۆرِمـــخوازی بـــەدیهێنانی دیـــموکراسی لـــە ئێـــران بـــوو. یـــەکێك لـــە کولەکـــەکانی دیـــموکراسی چـــاپەمەنی ئـــازاد و بـــێ سانســـۆرە. کۆڵەکەکـــەی تـــری ئـــازادی حیزبــە. تاقمەیــەك لــە رووناکبیران و تێکۆشــەرانی کــورد کــە هەســتیان بــە پێویســتی بــوونی حیــزب لــە ناوچــە کوردیەکانــدا کــرد، داوای ئیجازەیــان کــرد بــۆ حیزبێــك بــە نــاوی «ئاشــتی و ئــازادی». لــە ئەساســنامە و مەرامنامــەی ئــەم حیزبەشــدا هــیچ شــتێکی دژ بــە سیســتەمی ئێران تێبینی نەکراوە، کەچــی ئــەوە چــەند ســاڵە هــەر وڵامیــان نەداونەتــەوە. بــەم شــێوە کــە لــە

پێکهـاتنی هـەر حیزبێکـی کـوردی رێگـری دەکـرێ، بێگومـان ئـەم پرسـە خـۆی زۆر جێگـای سەرنـجە و ئەوە رادەگەیـەنێ کـە لـەم کاتەشـدا هـەڵس و کـەوت و بزووتنـەوەی کـوردی مـەودای نییـە رەوتێکـی سیاسـی تەنانـەت هێمنـیش بـە خۆیـەوە بگـرێ. لـە لایـەکی تریشـەوە پرۆگرامێکـی تەلـەفزیۆنی تایبـەت بـە کـورد لـە پارێزگـای کوردسـتان بـە نـاوی «شـەبەکەی کـورد» دانـراوە کـە کـەمتر لـە ٣٠٪ی بەرنامـەکانی کوردیـە و زاراویـەکی زۆر تێکـەڵاوی فارسـی بـە نـاوی زمـانی کـوردی بـە دەرخـواردی بینـەر ئـەدا کـە خـۆی جێگـای زۆر رەخنـە و سەرنـجە.

لـەم رۆژانەشـدا هـەواڵی دانرانـی لیسانسـی زمـان و ئـەدەبیاتی کـوردی لـە زانکـۆی کوردسـتانیش کـە لـە رێگـای ئـەزموونی سەرتاسـەری کۆنکـوورەوە، خوێنـدکار دەگـرێ، بـڵاو کرایەوە. ئەم هەواڵەش هەم جێگای دڵخۆشی و هەم جێگای سەرنج و باسە.

دیارە خوێنـدن و نووسـین بـە زمـانی خۆمـان ئـاواتی هـەموو کوردێکـە و پێویسـتە هـەر لـە پۆلی یەکـەمی سـەرەتاییەوە خوێنـدکار بـە زمـانی خـۆی بـخوێنێ و شـارەزا بـبێ، بـە داخـەوە ئێسـتا زۆر کـوردی زانـا و خـاوەنی بڕوانامـەی باڵامـان هەیـە کـە نـاتوانێ وتارێـك بـە زمـانی خۆی وەخوێنێ. ئەوەی جێگـای پرسـیارە ئەوەیـە کـە ئایـا کەسـێك کـە لـە سـەرەتاوە بـە زمـانی کوردی هیچـی نەخوێنـدووە چـۆن دەیـەوێ لیسانسـی تێـدا وەرگـرێ؟ **دیسـان لـە کنکـوردا چ روتبەیەك بۆ ئەم لیسانسە پێویستە و لە چ دەرسێك ئەزموون دەگیرێ؟**

داهـاتووی کـاری ئـەم خوێندکارانـە چـۆن دەبـێ؟ لاشـمان روونـە کـە ئەگـەر هـەوڵ و تێکۆشانەکان بکاتە ئەنـجام و هـەر لـە پـۆلی سـەرەتاییەوە زمـانی کـوردی ئـازاد بکـرێ، دیـارە پێویسـتمان بـە مامۆسـتا دەبـێ، بـەڵام قـەرارە لـە دەورەیـەکی چـوار سـاڵەدا چـەند مامۆسـتا تەربیـەت بکـرێ؟ ئایـا ئـەم خوێندکارانـەش بـۆ مامۆسـتایی رادێـن و ئامـادە دەکـرێن؟ هـەر چەند نیگەرانی و پرسیار زۆرە، بـەڵام مـەزن بـوونی ئـەم دەسـکەوتەش بـۆ کـورد هـەر ئاشـکرایە و نکـووڵی لـێ نـاکرێ، هیـوادارین مامۆسـتای زانکـۆ، کـاك «بـەختیاری سـەجادی» و بەرپرسـانی گرووپـی کـوردی لـە زانکـۆی کوردسـتان لـە هەرچـی باشـتر بـەڕێوە بردنـی ئـەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بن.

***

لە درێـژەی وتارەکـەدا باسـێك پێویسـتە لێـرەدا بێتـە گـۆڕێ. کێشـەی ئێمـەی کـورد چـیە و ڕێگاچارەی چۆنە؟

روونە کە کورد نەتەوەیـەکی ٤٠ ملـوێنی چـوار پارچـە کـراوە و لـە هـەر پارچـەش دەسـتە و یەخەی کێشـەی زۆرە. کـورد خـاوەنی بزووتنـەوە و خـەباتێکی سـوورە و بـەم هـەموو هەوڵـە کـە بـۆ سـڕانەوەی کـراوە، گـرِی نەتەوایـەتی نەکوژاوەتـەوە و ناکوژێتـەوە. هـەر وەهـا بـە هـۆی ئـەم چـوار پارچـە بوونـە تووشـی جیـاوازی و دابـڕانێکیش لـە یـەك بـووە و بـە داخیشـەوە گـیرۆدەی ئازارگـەلێکی کۆمەڵایـەتی و کولتـووری ناوخۆشـە. کۆمـەڵگای کـوردی لـە هـەر پارچـەیەکدا بـێ، هێشـتا لـە نەریتـەکان رزگـار نـەبووە و لـە مـۆدێرنیزمیش ئێجگـار دوورە. هـەر چـەند قۆناغی فئۆدالیزم بـە سـەر چـووە، بـەڵام کولتـووری فئـۆدالیزم جـارێ بـە تـەواوی نەسـڕاوەتەوە و لە قۆنـاغی سـەرمایەداریش هـیچ ئەسـەرێکی پیشـەیی بـوون و مۆدرنیزمێـك نابنیـدرێ و تـەنیا رەهەندێکی بەرخۆری بۆ ئێمـە بـووە. خـاڵێکی رەشـیش لـە مێژومانـدا هەیـە، ئـەوەش کـە جـار جـار کـوردی پارچـەیەك بووەتـە ئـامرازی دەسـتی دەسـەڵاتی زاڵ بـە سـەر پارچـەیەکی تـر بـۆ سەرکوتکردنی خەباتی کـوردی ئـەو شـوێنە. لـە پرۆسـەی جیهانگیریشـدا لـە ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت دوو پـرس زۆر گرنگـە. پرسـی فەلەسـتین و پرسـی کـورد. لەوانەیـە تـا ئـەم دوو پرسـە نەگەنـە ئەنــجامێك، رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت رەنگـی هێمنایـەتی بـە خـۆوە نـەبینێ. فەلەسـتین دوژمنێکی هەیە بـە نێـوی ئیسـرائیل و ئـەوەی عـەرەب و کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـە لایـەنگری دەکـەن. کـورد هـەر دژی زۆرە و هـیچ پشتیوانێکیشـی نـەبووە. لاشـمان روون نییـە کـە ئـەمریکا لـەم ئەزموونـەی پارچـەی باشـووردا پاڵپشـتی کـورد دەبـێ یـان نـا؟ بـە داخـەوە لـە پارچـەی باشـووریش کـورد هێشـتا لـە نێوخۆیـدا دووبەرەکییـە و دوو دەوڵـەتی هەیـە و پەرلەمانێك کە ١٢ ساڵە هەڵبژاردنی نوێی بە خۆوە نەدیوە و... هتد.

جیهـانگیری و تایبەتـمەندیەکانیشی پرۆسـەیەکی ئـاڵوزە و کـورد دەبـێ زۆر زیرەکانـە دۆخی خۆی لەم هەلەدا بناسـێ و لـەم دەرفەتـە کـەڵك وەرگـرێ. لەوانەیـە کـەم نـەبن کـوردی بـێ دەسەڵات کە لایـەنگری یـەکگرتوویی کوردسـتان و دەوڵـەتی کـوردی بـن. بـەڵام کـوردانی خـاوەن دەسـەڵات باسـی فیـدرالیزمێکی نەتـەوەیی - جوگرافیـایی بـۆ کـورد دەکـەن. رۆشـنبیرانیش بیرۆکەی ریفرانـدۆم و مـافی چارەنووسـیان هێناوەتـە گـۆڕێ، هەڵبـەت ئەمانـە زیـاتر بـۆ پارچـەی لـە حـاڵی ئـەزموونی باشـوور دیـاری کـراوە و کـوردی پارچـەکانی تـریش بـە نیگەرانیـەوە

چـاوەڕوانی چـۆنیەتی داهـاتووی پارچـەی باشـوورن کـە بێگومـان دەسـکەوتی ئـەوان، لـە چارەنووسی پارچەکانی تریشدا زۆر ئەسەری گرنگی دەبێ.

هەرچـیێکە کـورد نـابێ ئـەم دەرفەتـە لـە دەسـت بـدات، ئاڵوگۆڕەکـانیش تـەنیا لـە عێراقـدا نامێنێتەوە و ئەگەر هـەر بـە شـێوەی شـەڕ و میلیتـاریزمیش نـەبووە بـە شـێوازی تـر وڵاتـەکانی تـری ناوچـە دەگرێتـەوە. کـەمترین دەسـکەوتی کـورد لـەم هەلـەی جیهانگیریـدا ئـەتوانێ فیـدرالیزمی نەتـەوەیی - جوگرافیـایی بێـت و کـەمتر لـەوە مانـای ئەوەیـە کـورد هـیچ دەسـکەوتی نـەبووە. **دیـارە مـافی چـارەنووس زۆر پەسـندترە.** دەسـەڵاتە زاڵـەکان بـە سـەر کورددا لـەم ڕۆژانـە زۆر کەوتوونەتـە مەترسـی و هـەوڵ ئـەدەن بـەر هـەر دەسـکەوتێك بـۆ کـورد بگرن و تەنانەت فیدرالیزمەکەش تێـك بـدەن. دیـارە ئەگـەر پارچـەی باشـوور بتـوانێ بـە شـێوەی فیـدرالیزمی نەتـەوەیی دەربێـت، ئـەزموونێکی سـەرکەوتووە بـۆ کـوردی پارچـەکانی تـریش و بـە داخەوە شۆڤێنیزمی زاڵ بە سەر دەسەڵاتەکان، چاوی بینینی ئەو سەرکەوتنەی نییە.

دیـموکراسی لـەو وڵاتانـەی کـە کـورد وەك کەمینەیـەکی نەتـەوەیی تێیـدا دەژی، نـاتوانێ بـە تـەواوی وڵامـدەری کێشـەی کـورد بـێ بـۆوەی لـە دەنگدانەکانـدا هـەر دەکەوێتـە کەمینـە. ئەگەر قەرارە سنوورەکانی ئەم وڵاتانە هـەر لـە جێـی خـۆی بـمێنێ و ئـاڵوگۆڕی بـە سـەر نـەیێ، فیـدرالیزمی نەتـەوەیی - جوگرافیـایی ئـەتوانێ وڵامێکـی بـاش بـێ بـۆ کێشـەی کـورد. خۆزگـە دەسـەڵاتەکان زووتـر خۆیـان لـەم پرسـە تێبگـەن و لـەوە زیـاتر نەیانـەوێ سەرپۆشـێك بـە سـەر کێشەی کورددا بکێشن و بە چەند شتی لاوەکی خەڵکی کورد دڵ مەشغوڵ بکەن.

لـەم بەشـەی باسـەکەدا پێویسـت دەزانـین سەرنـجێك بدەینـە سـەر ئـەوەی کـە بۆچـی برێـك ئەوەنـدە هـەوڵ ئـەدەن کـە بڵـێن: کـورد چـونکە ئێرانییـە لێـرە زۆر کێشـەی نییـە و دایـم بـۆ ڕاکێشانی سەرنـجی ڕەحـمی سـەرۆکەکانی ئـەم وڵاتـە خـەریکی سـوێند خـواردن لـە سـەر ئـەوە بن کە «کاکە وەڵڵا بـیلا ئێمـە ئێـرانین!» بـۆ سـەرۆکەکان خۆیـان ئـەوە نـازانن؟ ئاغـای خاتـەمی مەگەر نەیوت کـورد کـۆنترین قـەومی ئێرانـە؟ ئـەوە مـاوەی ۶ سـاڵە چ مـافێکی کـوردی بـەدی هێنـا؟ بـۆ بەڵگـە لـە سـەر ئـەم باسـە، ئامـاژە ئەکـەم بـە وتارگـەلێك لـە کـاك فـارووقی کەیـخەسرەوی و کاك بارامی وەلەدبەیگی.

کاك فارووق لە لاپەڕەی ۱۰۶ گۆڤاری «چشم‌انداز ایران» دەڵێ:

کوردەکان باوەڕیان بە یەکپارچەیی خاکی ئێرانە و شانازی دەکەن بەوەی کە لە نەتەوەی ئێرانن و لەوانەن کە بنیاتی شارستانیەتی ئێرانیان داناوە. نەك کوردی ئێران، بەڵکو کوردی عێراق و تورکیاش خۆیان بە ئێرانی دەزانن...! کوردەکان لە هەر شوێنێکی جیاواز لە ئێرانیش بن خۆیان بە ئێرانی دەزانن، راستی مێژووییش ئەوەیە کە ئێرانین. زمان و کولتووریان ئێرانییە و بە زۆر لە ئێران جیا کراونەتەوە و بەردەوام ئارەزووی گێرسانەوەی دووبارەیان بە ئێرانەوە هەیە!... ئەگەر لە وڵاتی ئێران کارێك بکەین کە سەرنجی کوردەکان لە ئێران و لە دەری ئێران بە لای ئەم وڵاتەدا راکێشین و سیاسەتی دوور خستنەوە بکەین بە سیاسەتی راکێشان، یەکپارچەیی سنووری ئێران بە قایمی بتوون دەبێ.

کاك بارامی وەلەدبەیگیش لە لاپەڕەی دوو و سێی (٢و ٣) گۆڤاری ژمارە یەکەمی کوردستان (بڵاو کراوەی ئەنیستیتۆی کوردی تاران)، لە سەر وتارەکەیدا بە ناوی «ئیستراتژی کوردستان» دەڵێ: ئیمڕۆ رۆشنبیرانی کورد دوای دوو دەیە ئەزموونی بێ ئاکامی سیاسی و تێگەیشتن لە نامیهرەبانی بەردەوامی برێك لە بەرپرسانی بابەتی کوردستان، بە شێوازێکی نوێ لە بواری ئەندێشەی ئاشتیخوازانە هاتوونەتە نێو مەیدان، تا بە تاکتیکێکی رێك و پێکتر و هاوهەنگاوتر لەگەڵ بارودۆخی دنیای هاوچەرخ بەرپرسایەتی مێژوویی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن و بۆ قەرەبووی ساڵانی هەوراوی و تەماوی و دابین کردنی دوارۆژێکی باشتر، بە خێراتنی وتووێژێکی نوێ بکەن و بەستێنێکی نوێ لە سەر عەقڵ دانێن و بنیاتنەری ئاشتییەکی بەردەوام بن بۆ ئێران و بۆ کوردستان وەك ئەندامێك کە قەد لە ئێران جیا ناکرێتەوە.

... مافی هاووڵاتیەتی خۆیان بەو جۆرەی کە لە یاسا و دەستووری بنەڕەتیدا هەیە بخوازن. ئێستا رۆشنبیرانی کورد بە راوەستان لە بەرامبەر تەواوی ئەو ئەنگێزانەی کە ئەوان هان دەدا بۆ چوون بۆ هەندەران، هاتوونەتە تاران تا هاوکات لەگەڵ ئەوەی تۆمەتی جیاوازیخوازی لە کورد دەسڕنەوە، لە جیاتی دوور کەوتنەوە لە ئێران، لە ناوەندی ئەم وڵاتە بە هاوفکری و هاوهەنگاوی خزمەتکەرانی کولتووری ئێرانی، لە خزمەتی سەربەخۆیی وڵاتدا (مەبەست ئێران) بن و دەنگی یەکگرتوویی نەتەوەیی (وفاق ملی) بە شێوەی پلورالیزم بن.

... ئێمــه دەمانــەوێ بــه بڵاوکردنــەوەی ئەندێشــەی فەرهــەنگی ڕۆشــنبیرانی کــورد لــه تــەواوی جیهانــدا لــه ئــەربیل، دیاربــەکر، قامیشــلو، ســولێمانی، مــەهاباد، ســنه، کرماشــان و ئــیلام و... هتــد، پــەیامی دۆســتایەتی و خۆشەویســتی ســەبارەت بــه ئێــران بــه گــوێی هــەموو ڕاگەیــەنین. لــەم ڕێگــەدا لــه تــەواوی هەڵکەوتــەکان و بلیمەتــەکانی فەرهــەنگی داوای یارمــەتی دەکــەین تــاکو پێکــەوە لــه دەوری کۆڵەکــەی هاوبەشــی کولتــوور و شارســتانیەتی ئێرانــی و لێکۆڵینەوە لــه پرســی کــورد، دەســت بکــەین بــه وتوویــژێکی ڕاســتی و ڕاشــکاوانه و مــۆدێرن...

جــا بۆیــه **ئەنیســتیتۆی فەرهــەنگی کوردســتان** لەگــەڵ ڕەت کردنــەوەی هــەر چەشــنه ڕەگەزپەرســتییەك، هــەموو جــۆرە دەســتەبژێر کردنێکــی نەتــەوەیی و ئــایینی لا مەحکوومــه و **دەڵێ کە خــەیاڵ و دڵــەڕاوکێی ئــاڵوگۆڕ لــه نەخشــەی جوگرافیــای ئێــران خەیانەتــه بــه هــەموو دانیشــتوانی ئێــران** لــه ســەر ئــەم بــاوەڕەین کــه دەبــێ دەوڵــەت و میللــەت و تەنانــەت ڕۆشــنبیران و سیاســەتگێڕان لــه ســەر ویســتێکی بــەهێزی نەتــەوەیی، خوێندنەوەیــەکی مێــژووی ٢٢ ســاڵی ڕابــردوو بکــەن و بــه لێکۆڵینەوەیــەکی ڕاســتەقینه و ڕاســتی بینانــه، ناچــاکی و کــەم و کووڕیــەکان پــاك وەکــەن و تێڕوانینێکــی دووبارەیــان بێــت لــه ســەر ئــەو نوســخانەی کــه بــۆ کوردستان پێچراوەتەوە.

پرســیاری نووســەری ئــەم وتــارە ئەوەیــه کــه ئێســتا کــه کــورد هــەموویان ئێــرانین و زۆریــش ئێرانیان خــۆش دەوێ و دەیانــەوێ بگێرســێنەوە بــه ئێــران و ئێــرانیش کــوردی خــۆش دەوێ، چــۆنه وا ئێرانی عەزیز زوو زوو لەگــەڵ تورکیــا و ســووریا لــه ســەر پرســی فیــدرالیزم بــۆ کــوردی عێــراق دادەنیشــێ و بــەردەوام دەڵــێ یەکپارچــەیی ســنووری عێــراق دەبــێ بپــارێزرێ و فیــدرالیزمی نەتەوەیی لا پەسند نییە، نەکا ئەم عەشق و خۆشەویستییە یەك لایەنە بێ؟

***

لــه کۆتــایی وتارەکــەدا پێویســته داوا بکــرێ ڕۆشــنبیران و نووســەران و خــاوەن ڕایــان و جــەماوەری خەمــخواری ئــەم بابەتــەی کــورد کــۆ ببنــەوە و هەڵســەنگاندنێك بکــەن لــه ســەر چــۆنیەتی بــارودۆخی کــورد و هــەروەهاش کــوردی ئــەم پارچــه کــه لــه ئێرانــدا دەژی. لــەم هەڵســەنگاندنە قۆنــاغی پــێش ڕیفۆڕمــخوازی و قۆنــاغی دوای ڕیفۆڕمــخوازی بەرچــاو بگــرین و بزانین دەسکەوتــمان چی بووە؟

**بــه تایبــەت باســێکی زۆر زانســتیانە لـــە ســـەر هەڵســـوکەوتی کولتـــووری و یـــەك خشـــتە بوونـــەوەی بزووتنـــەوەی کـــورد لـــەم پارچـــەدا لـــە ســـەر خشـــتەی فەرهـــەنگی چ لایەنێکی پوزەتیف و نەگەتیڤی بۆمان بووە؟**

ئێســـتا کـــە خـــەریکین بـــەرەو جیهـــانی بـــوون دەچـــین و ڕێکـــەوتنی ئـــەم چـــەرخەش وەســـتانی نییە، ڕێگای ئێمـه و سـتراتیژی ئێمـه دەبـێ چـی بـێ؟ دیسـان باسـێکی زۆر گـرنگیش پێویسـتە لـە سـەر ئـەوەی کـە ئایـا فیـدرالیزمی نەتـەوەیش وڵامـدەری کێشـەی کـورد دەبـێ یـا نـا؟ لـە پارچەی ئێمـە دەبـێ چـی بکـرێ؟ ئێمـەی کـورد لـەم هەلومەرجـەدا چـیمان بـە دەسـت هێنـاوە و چیمان لە دەست داوە؟

دڵنیـــام کـــە ئامـــانج ســـڕینەوە و لابردنـــی هـــیچ کەســـایەتی و لایـــەنێك نییـــە. بـــۆوەی ڕێگایـەکی دروسـت وەدۆزیـن، پێویسـتمان بـە یارمـەتی هەموانـە، هـەر کـەس کـە لـە هـەر بوارێکدا شارەزایی ببێ.

نووســـەر بـــۆ ماڵئـــاوایی دیســـان دووپـــاتی دەکاتـــەوە لـــەم ماویـــەدا کـــە تێپـــەڕ بـــووە «**بێدەنگیمان قەد قەد بەرئەنـجامی رازی بوونـمان نەبووە**.»